# واتای نەفامی

[ کردي – کوردی – kurdish ]

صالح بن فوزان الفوزان

وەرگێڕانی: ئیحسان بورهان الدین

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ معنى مصطلح الجاهلية ﴾

« باللغة الكردية »

صالح بن فوزان الفوزان

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# واتای نەفامی

نەفامی حاڵی خەڵکی عەرب بوو لە پێش ئیسلام، نەفام بوون بە خواو پێغەمبەرەکان و شەریعەتی ئایین، هەروەها شانازییان بە رەچەڵك دەکرد و خۆ بەزلزان و ستەمکار بوون و چەندین ئاکاری خراپی تریان هەبوو . نەفامی ئەوان بریتی بوو لە نەزانین ، یان شوێن نەکەوتنی زانست ، شەیخولئیسلام (ابن تیمیة) دەفەرموێت: (ئەوەی حەقزان نەبێت ئەوە نەفامێکی ئاساییە، بەلێم ئەو کەسەی باوەڕی بە پێچەوانەکەی هەبێت ئەوە تووشی نەفامی ئاوێتە (الجهل المرکب) بووە، ئەگەر شتێکی وت بە پێچەوانەی حەق و حەقەکەشی دەزانی ، یان نەیدەزانی ئەوەش هەر نەفامە، لە مەشەوە دەردەکەوێت کە خەڵکی پێش هاتنی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە جاهیلیەتدا بوونە، چونکەئەوەی ئەوان لە سەری بوون لە گوفتار و کردار ، نەفام بۆی دادە هێنان و نەفام ئەنجامی دەدا، بە هەمان شێوە هەموو شتێك پێچەوانەی ئەوەی پێغەمبەران پێی رەوانە کراون وەکو جوولەکەیی و گاوری ئەوە هەمووی نەفامیە و ئەوەش واتای نەفامی گشتی یە.

بەلێم لە پاش ڕەوانە کردنی پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم ، نەفامی لەوانەیە لە ولاَتێك هەبێت لە وڵاتێکی تر نەبێت، وەکو ئەو شوێنانەی کە (دارالکفر) ی پێدەوترێت، لەوانەشە لە کەسێکدا هەبێت و لە کەسێکی تردا نەبێت ، وەکو کەسێك پێش ئەوەی موسڵمان بێت لە نەفامیدا بووە، با لە (دار الإسلام) یش بێت. بەلام بە شێوەیەکی ڕەهایی لە پاش هاتنی پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم هەمیشە کۆمەلاَنێك لەم ئوممەتە هەر لە سەر ڕێگای ڕاستن تاکو قیامەت دێت، ئەگەرچی دەگونجێت جاهیلیەت لە هەندێ ولاَتی موسڵمانان، یان لە زۆر کەس لە موسڵماناندا هەبێت، وەکو پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم فەرموویەتی:( أربع في أمتي من أمر الجاهلية ) رواه مسلم.

واتە: چوار ئاکار لەم ئوممەتەی من لە کرداری نەفامییە. هەروەها بە (ابوذر) ی فەرموو: (إنك امرؤ فيك جاهلية) واتە: تۆ پیاوێکی نەفامیت تێدایە. پوختەی ئەم باسە ئەوەیە، نەفامی (الجاهلیه) بەو پێناسەی باسمان کرد دەبێتە دوو بەشەوە:

١- نەفامی گشتی (الجاهلية العامة) : ئەم حاڵەتە پێش پێغەمبەرایەتی موحەممەد بوو صلی اللە علیه وسلم و بە هاتنی کۆتایی پێ هات.

٢- نەفامی تایبەت: (الجاهلیهة الخاصة) ئەمە تایبەتە بە هەندێ دەوڵەت و شارو شوێن و کەسەکان ، ئەم جۆرە نە فامییە هەردەمێنێتەوە، بە مەش هەڵەی ئەو کەسانە دەردەکەوێت کە بە نەفامی گشتی ئەم سەردەمەی خۆمان وە سف دەکەن ، وەکو ئەوەی دەڵێن: نەفامیی ئەم سەدە، یان نەفامیی سەدەی بیستەم و قسەی لەو شێوە، راستیش ئەوەیە بوترێت: نەفامیی هەندێ لە خەڵکی ئەم سەدەیە ، یان زۆربەی خەڵکی سەدەی بیستەم، بەڵام گشتاندن رەوا نییە، چونکە بە رەوانە کرانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نەفامیی گشتی کۆتایی پێ هات.

سەرچاوەی بابە ت: عقیده التوحید و ما یضادها / د. صالح بن فوزان الفوزان.